

# له پێناوی شەرەف (*)

سەید موحەمەدئەمین شێخەلئیسلامی "هێمن"

**خوێنەری بەڕێز:**

بەپانەوە پێی لێ دەنێم، سەرم لە چیرۆکنووسی دەرناچێ، ئەگەر لە ڕابوردوودا خۆم لە قەرەی هونەر دابێ بە شیعرەوە خۆم ماندوو کردووە نەوەک پەخشان.

جگە لەوەش کابرایەکی گوندنشینم و هەموو کات و ساتی ژیانم بە کاروباری کشتوکاڵ و ئاژەڵداری ڕادەبوێرم، ئیتر کوا دەمپەرژێتە سەر نووسین و خوێندنەوە، بەڵام چونکە لەوە دەترسام ئەم چیرۆکە واقیعییە کە شاکارێکی حەماسییە و نیشاندەری ئازایەتی و لەخۆبوردوویی شێرەژنانی کورد و کیژۆڵە داوێن پاکەکانی کوردستانە لە پێناوی نامووس و شەرەفدا، لەنێو بچێ و لە بیر بچێتەوە، قەڵەمە کۆڵەی خۆم گرتەدەست و بەم جۆرە بە ئێوەی ئازیز، بەتایبەتی خوشک و دایکە خۆشەویستەکانی پێشکەش دەکەم.

**س.م. شێخەلئیسلامی (هێمن)**
**سەرماوەزی ۱۳۳۷**

ئای لەو ناوە چەند جوانە و چۆنی لێ دەوەشێتەوە: "گەوەر". بە ڕاستی گەوهەرێکی پرشنگدار و کەموێنە بوو. لەنێو کیژۆڵەکانی ئەو گوندەدا بۆ جوانی و دلڕفێنی، یەکی دیکەش وەک ئەو نەبوو. چاو و برۆی ڕەش و نیگای ئارامی، ڕوومەتی سپی و بەفرینی، لێوی ئاڵ و بەژن و باڵای ڕێکوپێک و کەڵەگەتی، هەتا بڵێی دلڕفێن بوو.

دایک و بابی لەمێژبوو مردبوون و تاقە براکەی "مامەند" لە جێگەی گشت کەسی بوو. مامەند، گەوەری زۆر خۆش

دەویست و قەت دڵی نەدەشکاند.

ئێواران لە کاتێکدا هەتاو بە ملکزی خۆی لە پەنا چیا هەزار بە هەزارەکانی دەوروبەری ئاواییدا دەشاردەوە و وەرزێر و جووتیار دەستیان لە کار هەڵدەگرت و شەکەت و ماندوو بەرەو ماڵ دەبوونەوە، گەوەریش وەک ڕۆژان گۆزەی هەڵدەگرت و بە لەنجەولار ڕێگەی کانیی دەگرتە بەر کە لە دەرەوەی ئاوایی بوو. دەستەی لاوان لەسەر ڕێگەی ڕادەوەستان و چاویان لە بەژن و باڵای دەبڕی. ئەویش بە بێ ئەوەی خۆیان لێ تێبگەیەنێ، بە بەردەمیاندا تێدەپەڕی. نە گوێی بۆ قسە و پاڕانەوەی ئەوان ڕادەگرت و نە سەرنجی بزە و ئارەقەی نێوچاوانی دەدان.

لەو گوندە گەورەدا لاوێک نەبوو دڵی لە لای گەوەر نەبێ و گەیشتن بەو کیژۆڵە داوێنپاکە بە ئاوات نەخوازێ، کەچی شەرەف و نامووسی خۆی لە لایەک و غیرەت و نامووسپەرستی مامەندی براشی لە لای ترەوە، نەیاندەهێشت دەستی ناپاک زەفەری پێ ببا.

لە شایی و هەڵپەڕکێدا کە کچ و کوڕ و ژن و پیاو ڕەشبەڵەکیان دەگرت، هەموو چاویان دەبڕییە گەوەر. لاوەکان بە ئاواتەوە بوون داخوا کەی ئەو فریشتە بێ غەوشە دێتە دەستیانەوە. گەوەریش وێڕای ڕاگرتنی حەیا و شەرافەت و ویقاری خۆی، هەر جارەی دەبووە دۆی لاوێک و دڵی نەدەشکاندن.

تەنیا کەسێک کە وێرابووی بە ڕاشکاوی بە گەوەر ڕابگەیەنێ کە گیرۆدەی ئەوینی بووە، "پیرۆت"ی کوڕی کوێخا بوو. پیرۆت لاوێکی کەڵەگەت، بەڵام بەدفەڕ و دزێو بوو. لاوێکی هەرزەکار و بێ ئابڕوو بوو، کە جگە لە ئەلواتی و بەرەڵڵایی کاری دیکەی لە دەست نەدەهات. خەڵکی ئاوایی تێکڕا ڕقیان لە ئاکار و کردەوەی ناپەسند و سووک و چرووکی ئەو بوو. ئازاری بە هەموان دەگەیشت، کەچی لەبەر دەوڵەمەندی و دەسەڵاتی بابی کەس پێی نەدەوێرا. ناچار بوون بە زمان بیگرن و لە بەرانبەر ملهوڕی و خراپەی ئەودا بێدەنگ ڕاوەستن.

پیرۆت وەخت بوو بۆ گەوەر شێت بێ، بەڵام گەوەر نەک هەر دڵی پێوەی نەبوو، بەڵکو زۆریشی ڕق لێ بوو. هەموو جارێ لە نیوەڕاستی کۆڵانەکانی گوندەکەیاندا ڕێگەی پێ دەگرت، یان لە کاتێکدا گەوەر بۆ مەڕدۆشینێ لە دێ دەردەکەوت، بە بێ شەرمی وەدووی دەکەوت و ڕازی دڵی خۆی پێ دەگوت. تێدەکۆشا بە زمانلووسی و پاڕانەوە ئەو ئاسکە کێوییە، کەوی بکا و خۆی بە ئامانج بگەیەنێ، بەڵام جگە لە بێدەنگی و ڕق و تووڕەیی گەوەر شتی دیکەی دەست نەدەکەوت و بە ناکامی دەگەڕاوە.

بابی پیرۆت لەسەر داخوازی کوڕی خۆی، دەیناردە خوازبێنی و شیربابییەکی یەکجار زۆریشی دەدایە، بەڵام گەوەر، گەوەری دڵ و داوێنپاک، گەوەری ئازا و بەرزەفڕ بە شتی وا هەڵنەدەخەڵەتا و ئامادە نەبوو مێرد بە بەرەڵڵایەکی بێ ڕەزای وەک پیرۆت بکا.

گەوەر ئەوی باش دەناسی و دەیزانی کە هەرزەکارێکی بەدفەڕ، هەرچەند دەوڵەمەند و خاوەن دەسەڵاتیش بێ، مێردێکی باش و بەئەمەک نابێ و ناتوانێ ژیانێکی خۆش و داهاتوویەکی باش بۆ ئەو دابین بکا. مامەندی براشی کە نە خاوەن ماڵ و سامان بوو و نە لە بنەماڵە و تایفەیەکی گەورە، هەرچەند زۆریش لە هێز و دەسەڵاتی کوێخا و شەرلاتانی پیرۆت دەترسا، نەیدەویست زۆر لە خوشکی بکا و وەک خەڵکی ئاسایی بە پوول بیفرۆشێ، یان وەک کەنیزێک بیخاتە ژێر دەسەڵاتی پیرۆتەوە، هەرجارە بیانوویەکی دەهێناوە، بەڵام پیرۆت وازی نەدەهێنا و بۆ گەیشتن بە ئاواتی خۆی لە هیچ کردەوەیەکی بێ شەرمانە ڕووی وەرنەدەگێڕا.

کار گەیشتە جێگەیەک کە گەوەر نەیدەوێرا بەتەنێ لە ماڵ دەرکەوێ و براکەشی ناچار بوو هەمیشە ئاگای لێ بێ و نامووس و شەرافەتی بپارێزێ.

ماوەیەک ڕابورد. پیرۆت هەروا بەربینگی پێ دەگرتن، گەوەر دەستی بە ڕوویەوە دەنا و مامەندیش لەسەر بڕیاری خۆی مابوو. لاوانی گوند نەیاندەوێرا بنێرنە خوازبێنی گەوەر و دەگەڵ کوێخای دڵڕەق و کوڕە بێ غیرەتەکەی تێ کەون، بەڵام ئەجەل مۆڵەتی بە کوێخا نەدا و بە مردنی کوێخا خەڵکی گوندەکە بەتایبەتی گەوەر و براکەی بەڵایەکی گەورەیان لە کۆڵ کەوت. دوای مردنی کوێخا، پیرۆت کە شیاوی جێنشینی بابی نەبوو، هێز و دەسەڵاتێکی پێ نەما و دەرەتانی هەموو چەشنە ئازاردانێکی گەوەری لێ بڕا.

دوای ماوەیەک کوڕە پوورێکی خۆی کە ماڵی لە گوندێکی هاوکەوشەنی گوندەکەی خۆیان بوو، ناردییە

خـوازبێنی گـەوەر. ئەو کـوڕە گـەنجـێکی بێ فـڕوفـێڵ و وەرزێرێکی زەحـمـەتکێش و پڕ ئەزمـوون بوو کـە وەزعی نێـو مـاڵـیـشـیـان خـراپ نەبوو. مـامـەند لەسـەر مـەیل و ئیجازەی گەوەر، بەبێ وەرگرتنی شیربایی قبووڵی کرد. گـەوەر بە دنیـایەک تاسـە و ئاواتەوە گـوێزرایەوە و ژیانێکی خۆشی پڕ لە کامەرانی نوێی دەست پێ کرد.

ئەم کـارەساتە کـارێکی وای کردە سەر پیـرۆت کـە بۆ مـاوەیەکی دوورودرێژ وەک شـێـتی لێ هات. ئەوین و خۆشەویستیی گەوەر جێگەی خۆی دا بە ڕق و قینێکی بێ سنوور. سوێندی خوارد کە هەر کاتێک هەلی دەست کەوێ تۆڵەیەکی باشی لێ بکاتەوە. تەنیا خەیاڵی تۆڵە ستاندنەوە، بەری لە خۆکوشتنی پیرۆتی ڕق ئەستوور دەگـرت، بەڵام چونکە هیچ کـارێکی پێ نەدەکـرا و نەیدەتوانی بە ئاشکرا ئازارێک بە گـەوەر و مـێـرد و براکەی بگەیەنێ، جگە لە سەبر و خۆڕاگری چارەیەکی بۆ نەمابوو.

ڕۆژگار تێدەپەڕی و گەوەر هەروا دەگەڵ مێردەکەی بە خۆشی ڕایاندەبوارد. دوو منداڵی جوانکیلە و لەبەردڵان گەرمی و خۆشییەکی دیکەی بە ژیانە ساکارەکەیان دابوو و بناغەی بەختەوەریی ئەوانی پتەوتر دەکرد.

بە پێـچـەوانەوە، پیـرۆت لەم مـاوەیەدا سـەروەت و سامانی بابی لەنێو بردبوو و دەسکورتی و هەژاری ڕووی تێکردبوو. بە فەعلەیی و شوانی و کرێکاری بۆ ئەم و ئەو خۆی بەڕێ دەبرد، بەڵام چونکە لە منداڵییەوە عادەتی بە کـارکردن نەگـرتبـوو، نەیدەتوانی هیچ کـارێک بە باشی جێبەجێ بکا. هەر ڕۆژ لە لای یەکێک کاری دەکرد و هەر شـەوەی لە مـاڵێک و هەر مـانگەی لە گـوندێک دەبوو. هەژاری و چارەڕەشی، بەتایبـەتی ئەوینی بێ ئاکـامی گەوەر وا تێکی شکاندبوو کە بە تەواوی پیری کردبوو.

دوای چەند سـاڵ ئاوارەیی و دەربەدەری و لەم دێ بۆ ئەو دێ چوون، ڕێگەی کـەوتە ئەو گـوندەی کـە مـاڵی گەوەری لێ بوو. هەرچەندە لەبەری گران بوو لێیان میوان بێ، بەڵام لەبەر غـەریبی و نەناسیـاوی، بە شـەرمـەزاری ڕێگەی ماڵی گەوەری گرتە پێش. گەوەریش کە ژنێکی قین لەزگ و بەدزات نەبوو، جگە لەوەی لە هەمـوو گوناه و خراپەیەکی ڕابوردووی پیـرۆت چاوپۆشی کـرد، بەڵکو کـاتێکی ئەوی بە پیری و چارەڕەشی و پەککەوتەیی دی، زگی پێ سـووتا و چەندەی پێی کـرا ڕێز و حورمـەتی لێ گرت، تازە داوای لە مێردەکەشی کرد کارێکی بداتێ و بارێکی ژیانی لەسەر شان هەڵبگرێ. ئەویش بۆ شوانی مـەڕ گـرتی. پیـرۆت کـە لە هیچ کـوێ پەنایەکی شک نەدەبرد، زۆری پێ خۆش بوو و بە پێچەوانەی ئەوی لێی چاوەڕوانی دەکـرا، لەو کـارەدا ڕاسـتـیـودروسـتی و لێهاتوویییەکی سەیری لە خۆ نیشان دا. هەموو کەس سەری لێ سووڕ ما. وایاندەزانی کەند و کۆسپی ژیان ڕایهێناوە. ئەو لاوە تەوەزەلەی جاران گۆڕاوە و بووەتە پیاوێکی باش و کارامە. غافڵ لەوەی:

خوویەک بگری بە شیری
تەرکی ناکەی بە پیری

پیـرۆت لە هەڵسوکـەوتی خـۆی و جـێبـەجـێکردنی فەرمانی ئەربابەکەیدا ئەوەندە گوێڕاگر و ورد بوو کە بوو بە جێگەی متمانە و باوەڕیان. هەموو ڕۆژێ مەڕی دەبردە لەوەڕ و زۆر بە باشی ئاگـاداری لێ دەکـردن. کـاتی مـەڕدۆشـینیش یاریدەی گـەوەری دەدا. هەرگـیـز باسی خراپەی ڕابوردووی خۆی نەدەکرد و ڕەفتاری لە بەرانبەر گەوەردا وەک نۆکەرێک وا بوو کە خزمەت بە خانمێکی سـەرەژن بکا. بە کـورتی کـارێکی وای دەکـرد کـە بە ڕواڵەت هیچ چەشنە گومانێکی خراپی لێ نەدەکرا، بەڵام لە دەروونیـدا ئازارێکی کـوشندە ئەشکەنجـەی دەدا. هەرکـات چاوی بە خۆشـەویستی خۆی دەکـەوت کـە لە پەنای پیـاوێکی دیکەدا بەختـەوەر بووە، وەک مـاری بریندار پێـچی لە خـۆی دەدا و بەخیلی پێ دەبردن. دایم نەخشەی بۆ دەکێشان و لەو فیکرەدا بوو کە چۆن تۆڵەی لێ بکاتەوە.

نۆ مـانگێک لە هاتنی پیـرۆت بۆ ئەو مـاڵە ڕادەبورد. ڕۆژێکی سـارد و بەسـتـەڵەکی ئاخـرئۆخـری پاییـزی کـوردسـتـان بوو. جـۆگـەلە و چۆمـاو بەسـتـبـوویان و نوابەفرێکی وشک باریبوو، مژ هەموو عالەمی داگرتبوو. مـێـردی گـەوەر چەند ڕۆژێک بوو بۆ کـڕینی کـەلوپەل و پێداویسـتـیی نێـو مـاڵ چووبووە شـار و نەگـەڕابووەوە. لەمـێـژ بوو پیـرۆت لە هەلێکی وا دەگـەڕا. خـێـرا نەخشەیەکی بۆ کێشا و لە کێو مەڕەکانی بە برادەرێکی سپارد و گەڕاوە دێ. چووە لای گەوەر و بە حاڵێکی زۆر پەرێشانەوە، دوای ئەمپا و ئەوپا کردن گوتی:

– دەبێ بمبووری کە هەواڵێکی دڵتەزێنم پێیە و ناچارم ئاگادارت بکەم، بەڵام دڵنیام دڵت هێند قورس و قایمە بە

شتی وا داناچڵەکێ و دەتوانی سەبر و لەسەرخۆیی خۆت بپارێزی. گەوەر کە پێی وا بوو لەنێو شار، یان لە ڕێگەدا مێردەکەی شتێکی بەسەر هاتووە، یەک بە خۆی قیژاندی: زوو بە پێم بڵێ چ قەوماوە؟

پیرۆت، پیرۆتی شەرلاتان و نائینسان، کاتێک زانی ئەو ژنە دڵ و داوێنپاکە بۆ بیستنی هەواڵە دەستکردەکەی ئامادەیە، ئاخێکی هەڵکێشا و دوای هێندێک دڵدانەوەی گوتی:

– ئەمڕۆ مەڕم بردبووە لەوەڕ کە کابرایەکی خەڵکی گوندەکەی خۆمانم پێ گەیشت. کابرا بۆی گێڕامەوە کە دوێنێ کاکت لەگەڵ دراوسێیەکی بەشەڕ هاتووە و بە خەنجەر بریندار کراوە. مامەند حاڵی باش نییە و تەرەفەکەشی هەڵاتووە.

پیرۆت حاڵەتێکی وای بە خۆی گرتبوو کە شک و گومانی لێ نەدەکرا. گەوەر بە بیستنی ئەم هەواڵە ئاگای لە خۆ نەما و گریان و شیوەن و شەپۆڕی، بەری ئاسمانی گرت. پیرۆت کە نەخشەکەی گرتبووی لە خۆشیان خەنی بووبوو. بە ڕواڵەت دڵخۆشیی گەوەری دەداوە و وای دەنواند کە دەیەوێ سێبووری بداتێ، بەڵام گەوەر کە مامەندی برای لە ڕادەبەدەر خۆش دەویست سەبر و قەراری پێ نەمابوو. نەیدەتوانی خۆی ڕابگرێ و ڕێگەی گرتە بەر کە بەرەو ماڵی کاکی بڕوا، بەڵام پیرۆت بۆ ئەوەی زیاتر گومانەکەی لێ بەهێز بکا، بەرگریی لێ دەکرد و دەیگوت:

– دەزانم کە بە بیستنی ئەو هەواڵە چ ئاگرێکت تێبەربووە، بەڵام بەم تۆف و سەهۆڵبەندانە چوونت بە سەڵاح نازانم، ئەویش بە بێ ئیجازە و ئاگاداری مێردەکەت. ئەگەر پێت خۆش بێ هەر ئێستا بۆخۆم دەڕۆم و بەڵێنت دەدەمێ ئەم شەو هەواڵی دروستی ئەو ڕووداوەت بۆ بێنمەوە. جا ئەگەر مامەند حاڵی باش نەبوو، خۆشت بڕۆ سەری لێ بدە.

گەوەر خۆی پێ ڕانەدەگیرا و تکای لە پیرۆت کرد کە لەگەڵی بێ و کچۆڵەکەی بۆ هەڵبگرێ. هەرچەند پیرۆت بۆ شوێنەونکێ دەیویست لەو بڕیارە پەشیمانی بکاتەوە، سوودی نەبوو. خێرا خۆی ئامادە کرد و ماڵەکەی بە جیرانێکیان ئەسپارد. دوای نیوەڕۆیەکی زۆر زوو وە ڕێ کەوتن. پیرۆت کچەکەی بۆ هەڵگرت و بۆخۆشی کورە بەرمەمکانەکەی پێ بوو. هەوا هەتا بڵێی سارد بوو.

لەبەر مژ چاو چاوی نەدەدی. بەفر زەوی داپۆشیبوو. مژدە بەر و ئاسمانی تەنیبوو، بەشێوەیەک کە هیچ شوێنەوارێک لە ڕێگا و شاخ و کێو و دەوروبەر دیار نەبوو. پیرۆت کە ڕێگەکەی باش دەناسی بە فێڵ لە ڕێگە لای دا و بە درۆ دەیگوت کە ڕێ دەرنابا. دوعای دەکرد و لە خودا و پێغەمبەر و مەلاییکە دەپاڕانەوە یاریدەیان بدا و لەو بەڵایە ڕزگاریان بکا. جاروبارەش گەوەری سەرکۆنە دەکرد کە بۆچی پەلەی کردووە و گیانی هەردووکیانی خستووەتە مەترسییەوە. لە دڵەوەش بە ساویلکەیی گەوەر پێدەکەنی و بە ئازایەتی خۆی هەڵدەگوت کە چۆن لە پیلانەکەیدا سەرکەوتووە.

شەو داهات. سەرما و کڕێوە و تاریکیی شەو وێڕای برسیەتی و ماندوویی هێرشیان بۆ دەهێنان. بەفر دەگەیشتە قولاپە و لە ژێر پێیاندا کرپەی دەهات. بە هەوراز و نشێو و شاخی بەرز و پێچەڵپێچدا هەڵدەگەڕان و دادەگەڕان. ئەو دوو منداڵە بێ دەرەتانەش لەبەر سەرما و برسیەتی ئارام و قەراریان پێ نەمابوو و هەر دەگریان، بەڵام پیرۆت لەوان بە بەرگەتر بوو. جگە لەوەش دڵی بەوە خۆش بوو کە زۆری نەماوە بە کاوی دڵ بگا. ئەوە بوو کە کەمتری هەست بە ماندوویی دەکرد. چالاکانە لە پێشەوە دەڕۆیشت و کاتی وەسەرکەوتن لە ڕەوەز و گاشەبەردان گەوەری داماوی یارمەتی دەدا. گەوەری بەستەزمان لەبەر سەرما و ماندوویی و لە خەمی برا خۆشەویستەکەیدا بڕستی لێ بڕابوو و وەهەناسەبڕکێ کەوتبوو و ئارەقی سارد بە نێوچاوانیدا دەهاتە خوار. لاقی بۆ هەڵنەدەهاتەوە و دەبوو هەر بە دوو سێ هەنگاوان جارێک وچان بگرێ. تەنیا دڵخۆشی دانەوە و هاندانی پیرۆت پاڵی پێوە دەنا کە ئەویش هەر تا ڕادەیەک دەیتوانی شوێنی لەسەر دابنێ. ڕاست لەو کاتەدا کە دوایین هێزی خۆی دەکار هێنابوو و لەبەر بێهێزی لەسەر بەفری ڕێگەکەیان دانیشت، پیرۆت یەک بەخۆی قیژاندی و بە خۆشحاڵییەوە دەستی بۆ لای زارکی سامناکی ئەشکەوتێک ڕاکێشا کە زۆریان لێ دوور نەبوو. ئەو هەر لە سەرەتاوە ئەو ئەشکەوتەی بۆ گەیشتن بە مەبەستی ناپیاوانەی خۆی لەبەرچاو گرتبوو، هەر بە مەبەستی گەیشتن بەو ئەشکەوتەش لە ڕێگە لای دابوو. ڕووی کردە گەوەر و گوتی:

– مزگێنیم دەیە لە حەمدی خوداوە جێگەی مەترسی

نییه. ئەم شەو هەرچۆن بێ لەو ئەشکەوتەدا دەمێنینەوە. لەوێ نە سەرما و بەفر و بۆران زەفەرمان پێ دەبا و نە درندەی کێوی. بەیانیش کە ڕووناکی داهات، بەفر و کرێوە و هەوا بەرەو خۆشی دەڕوا. ئەوکات دەتوانین بەرەومال بڕۆینەوە. پێشتریش بەم ئەشکەوتەم دەزانی. لێرەوە تا گوندی خۆمان دوور نییە.

گەوەری بەستەزمان غافڵ لەوەی کە پیرۆت چ داوێکی بۆ ناوەتەوە، لە حاڵێکدا کە وایدەزانی تەنیا قەزا و قەدەر و ڕەحمی خودا ئەم ئەشکەوتەی هێناوەتە سەر ڕێگەیان، بە خەیاڵێکی ئاسوودەوە بە هەورازێکدا کە دەیگەیاندنە زارکی ئەشکەوتەکە وەسەر کەوت. پیرۆت کچەکەی لە پەنایەک دانا و وەدووی خڕکردنەوەی چیلکە و پووش کەوت کە ئاگرێکی پێ بکاتەوە. زۆری پێ نەچوو بە باوەشێک دار و چیلکەوە هاتەوە کە وا دیار بوو شوان بۆ ڕۆژێکی وا لەو ئەشکەوتەدا دایان ناوە. لە نێوەڕاستی ئەشکەوتەدا ئاگرێکی کردەوە. بلێسەی ئاگر بەشێک لەو ئەشکەوتە تاریک و سامناکەی ڕووناک دەکردەوە. منداڵە ماندووە و سەرمابردووەکان بە گەرمای ئەو ئاگرە خاو بووونەوە و خەویان لێ کەوت. گەوەر لە پەنا ئاگرەکە دانیشت و بە داوێنی کراسەکەی منداڵەکانی داپۆشی. یادی مامەندی برای وازی لێ نەدەهێنا و کوڵی گریان سەری لێ دا.

پیرۆت لەوبەری ئاگرەکەوە دانیشتبوو و سەرنجی ڕواڵەتی خەمگین و قەڵافەتی دڵڕفێنی گەوەری دەدا. چاوی لەسەر گۆنا سوور هەڵگەڕاوەکانی هەڵنەدەگرت و لە دڵۆپە فرمێسکە گەش و جوانەکانی دەڕوانی کە وەک مرواری دەدرەوشانەوە. لەپڕ هەستا و وەک شێت چاوی دەرپەڕی و بەشێوەیەکی سامناک لە پەنا گەوەر دانیشت و بە دەنگێکی لەرزۆک و هەوەسبازانە گوتی:

– گەوەر خانم! گەوەر خانم! وەبیرت دێتەوە چەندەت ئازار داوم و چۆن ژیانت لێ تاڵ کردووم؟ هیچ دەزانی لە ڕێگەی عیشقی تۆدا چەندەم سەختی و ڕۆژەڕەشی دیوە؟ هیچ دەزانی کە هۆی ئەسڵی ناکامی و ڕۆژەڕەشی من هەر تۆ بووی؟ هیچ دەزانی کە گرووگرتنی منداڵانەی تۆ و کەللەویشکی ئەحمەقانەی براکەت چی بەسەر هێناوم و چۆن بناغەی ژیان و خۆشبەختی منی تێک ڕووخاندووە؟ ئێستا کاتی تۆڵە ستاندنەوەیە. ئەم شەو تا بەیانی لەم ئەشکەوتە تاریک و سامناکەدا بە کەیفی دڵی خۆم لەگەڵت دەبم و بە ئاواتی چەند ساڵەم دەگەم.

گەوەر کە تا ئێستا هەر دڵیشی لە ئاستی پیرۆت نەگۆڕیبوو، تازە بە هەڵە و ساویلکەیی خۆی دەزانی و تێدەگەیی کە فریوی خواردووە و لەو داوە کەوتووە، بە ترس و خۆفێکی زۆرەوە و بە تووڕەییەکی تێکەڵ بە پاڕانەوە گوتی:

– پیرۆت چییە؟ ئەوە شێت بووی، ئەو قسانە چن؟ تۆ نان و نمەکی ئێمەت خواردووە. ئێستە دەتەوێ خەیانەتمان لێ بکەی؟ دەتەوێ دەست بۆ ژنێکی بە مێردی داوێنپاک درێژ بکەی؟ لە ویژدان و شەرافەتی خۆت شەرم ناکەی کە دەتەوێ دین و ویژدانت لە ژێر پێ بنێی و خەیانەت بە من بکەی کە باوەڕم پێ کردووی و خۆم پێ ئەسپاردووی؟

پیرۆت قاقایەکی لێ دا کە لە نێو ئەشکەوتەکەدا دەنگی دایەوە و گوتی:

– بەڵێ بەڵێ خانمی بەڕێز، وردە وردە مەوعیزەم بۆ دەکەی؟ هیچ پێویست ناکا نەسیحەتم بکەی. چاکەی مێردەکەتم، لێ مەکۆڵەوە. دڵنیا بە مەوعیزەی جەنابت یەک زەڕڕەش کارم لێ ناکا. ویژدان، شەرەف، جوامێری و ئینسانییەت لە قامووسی ژیانی مندا نەبووە و هەر ناشبێ. تۆش ناتوانی بەم قسە پڕوپووچانەت فریوم بدەی و خۆت ڕزگار کەی. هەلی لەمە باشتر، جێگەی لەمە چاکترم لەکوێ دەست دەکەوێ؟ ئەم شەو دەبێ تۆڵەی ڕابوردووت لێ بکەمەوە و دەبێ ئاوێک بەسەر کوڵ و کۆی دڵمدا بکەم و لە کانیاوی ویساڵت خۆم تێراو بکەم. هیچ هێزێک ناتوانێ بمگێڕێتەوە و بەرم لێ بگرێ. باش وایە عاقڵ بی و خۆتم پێ بسپێری. دەنا ئەگەر بتەوێ خۆت شێت بکەی و خۆ ڕابگری، دڵنیا بە لە پێشدا لە پێش چاوت منداڵەکانت لەتوپەت دەکەم و دواییش بە زەجر و ئەشکەنجەوە خۆت دەکوژم، جا لەگەڵ جەنازەکەت چۆنم پێ خۆش بێ دەجووڵێمەوە.

دوای ئەم قسانە وەک جانەوەرێکی درندە پەلاماری بردە سەر گەوەر و ئەندامە نەرم و ناسکەکەی لە باوەش گرت. گەوەر مشتێکی توندی لە دەمی کوتا و بە چالاکی خۆی لە چنگی ڕزگار کرد. منداڵەکانی لە خەو ڕاچڵەکان و دەستیان کردە گریان. کچۆڵە بەستەزمانەکەی کە نەیدەزانی چ قەوماوە بە پەشۆکاوی دەستەوداوێنی پیرۆت بوو، بەڵام ئەو کابرا بێ ڕەحم و بەدفەڕە شەپێکی تێ هەڵدا لە خۆی دوور خستەوە. گەوەر ئاگری تێبەر

بوو. ویستی کچۆڵەکەی لە باوەش بگرێ، ژێری بکاتەوە کە جارێکی تر پیرۆت وەک بەورێکی تووڕەی دڕندە هاشاوڵی بۆ برد. گەوەر لە بەرانبەریدا ویستا و مەیدانی نەدایە دەستی پێ بگا. پیرۆت تێگەیشت کە ئەو شێرەژنە ناموسپەرستە بەو ئاسانییە خۆی بەدەستەوە نادا. بۆ ئەوەی بیترسێنێ خەنجەرەکەی لە کالان دەرکێشا و نەڕاندی:

– ئەحمەق بە خۆڕایی خۆت ماندوو مەکە و منیش ئازار مەدە. هەرچی زووتر تەسلیم بە، دەنا بەم خەنجەرە جەرگ و دڵت دەردێنم، بە خوا لە دەستم دەرناچی!

گەوەر بێ ئەوەی گوێ بداتە هەڕەشە و گوڕەشەی پیرۆت گوڕاندی:

– بێدەنگ بە ئەی بێ ویژدانی دوور لە شەرم و شەرەف. تف لەو غیرەتەت. من بەو خەنجەرەت مەترسێنە. هەرگیز تەسلیمی ناپیاوێکی وەک تۆ نابم. تا حەیاتم لەبەر مابێ حەیا و نامووسی خۆم دەپارێزم و خەیانەت بە مێردی خۆم ناکەم. هەتا ڕوحم لەبەردا بێ ناهێڵم دەستی هیچ کەسێکم بکاتێ. هەرگیز شەرەف و نامووسی خۆم عەیبدار ناکەم.

جارێکی تر کچۆڵە بێ تاوانەکەی گەوەر بە زیقەزیق و گریانەوە داوێنی پیرۆتی گرتەوە. پیرۆت کە بۆ گەیشتن بە گەوەر عەقڵ و هۆشی لە لا نەمابوو، بەوپەڕی دڵڕەقییەوە خەنجەری بۆ داهێناوە و لە پشتەوە لێی دا بە سینگیدا هاتە دەر. قیژاندی و دەستبەجێ گیانی دەرچوو. گەوەر لە تاوان تەرمی خوێناوی کچەکەی لە باوەش گرت و لە قوڵپەی گریانی دا، بەڵام قاتڵی دڵڕەق مۆڵەتی نەدا و پەلاماری بردەوە سەری. ناچار بەجێی هێشت و هەڵات. دەیویست خۆی دەرباز کا و لەو ئەشکەوتە دەرچێ. پیرۆت خۆی گەیاندێ، لە پشتەوە قژی گرت و ڕایکێشا و بە نووکی خەنجەرەکەش سووکەبرینێکی خستە سەر کەلەکەی. جارێکی تر تێکهالانەوە. گەوەر بە هەزار زەحمەت خۆی لە دەست ڕاپسکاند و خۆی گەیاندە سووچێکی ئەشکەوتەکە. تەراشەبەردێکی بەدەستەوە گرت و گوتی:

– لێم مەیە پێش، دەنا بەم بەردە مێشکت دەپرژێنم.

پیرۆت ناچار بوو بگەڕێتەوە. ئەم جار بەرەو کوڕە بەرمەمکانەکەی گەوەر ڕۆیشت کە هەروا دەگریا و لە پەنای ئاگرەکەوە خۆی دەتلاندەوە. بە پیلێک هەڵی هێنا، ڕووی کردە گەوەر و گوتی:

– گوێت لێ بێ، ئەگەر مەیلم پێ نەدەی، ئەگەر دەست لەو ڕەفتارەت هەڵنەگری، هەر ئەلعان کوڕەکەشت دەکوژم و داغی ئەویشت لەسەر دڵ دەنێم.

گەوەر کە ئەم وەزعەی دی، بە هەڵاتن خۆی گەیاندێ، باڵەکەی تری گرت و کێشای کە لە دەست پیرۆتی دەرهێنێ، بەڵام پیرۆتی نائینسان بە خەنجەر زگی هەڵدڕی و جەرگ و ڕیخۆڵەی هەڵڕژاند. گەوەر خۆی پێ ڕانەگیرا. وەک شێرێکی ڕق هەستاو پەلاماری بردە سەر پیرۆت و خەنجەرە خوێناوییەکەی بەدەستەوە گرت تا بە هەموو هێزی خۆی لە سینگی پیرۆتی بکوتێ. پیرۆت ماوەی پێ نەدا. بە شێوەیەک خەنجەرەکەی لە دەست دەرکێشا کە بەری دەست و قامکەکانی هەڵدڕی. خێرا هەڵیکوتایە سەری و نایە ژێر. بە نووکەخەنجەر لە چەند جێگاوە برینداری کرد.

گەوەر کە برستی لێ برابوو ماوەیەک پەلەقاژەی کرد، بەڵام لە ژێر قورسایی لەندەهورێکی وەک پیرۆتدا پەلەقاژەی بێ کەڵک بوو. خوێنێکی زۆری لەبەر دەڕۆیشت و هێزی لەشی لە کزی دەدا، بەڵام کاتێک هێزی لە لەشدا نەما فیکری وەکار کەوت. فیکرێکی بە مێشکدا هات و لەو کاتەدا کە پیرۆت وەک ڕاوچییەک کە نێچیرەکەی کەوڵ بکا، پارچە پارچە جلوبەرگە تیتۆڵ تیتۆڵکراوەکەی لەبەر دادەڕنی، بە دەنگێکی نەرم بانگی کرد:

– پیرۆت! پیرۆت! تۆبی و خودا دەست ڕاگرە شتێکت پێ بڵێم.

پیرۆت کە وەهەناسەبڕکێ کەوتبوو و خوێن بەرچاوی گرتبوو، بەدەنگێکی گڕ و ناحەز وەڵامی داوە:

– دەڵێی چی؟ فەرمایشێکت بوو؟

گەوەر بە گریانەوە گوتی:

– پیرۆت ئێستا کە بێ ڕەحمانە تۆڵەی خۆت لێ ئەستاندمەوە و منداڵەکانت کوشتم و ئابرووت پێوە نەهێشتم، تکایەکت لێ دەکەم کە ئومێدەوارم لێم قبووڵ بکەی. تازە نە منداڵەکانم ماون و نە حەیا و نامووسم. کەوابێ ناتوانم بگەڕێمەوە بۆ لای ماڵ و مێردی خۆم. ئەگەر مەرد و مەردانە بەڵێنم پێ بدەی بە نهێنی بمبەیە شوێنێکی دوورەدەست و لەوێش وەک مێردێکی باش ڕەفتارم لەگەڵ بکەی، هەر ئێستا مەیلت دەدەمێ، دەنا

دەبێ لەگەڵ تەرمی ساردەوەبووم دەست لە ملان بی.

پیــرۆت بە ســاویلکەیی فــریوی خــوارد و دەســتی هەڵگرت. سوێندیشی خوارد کە ئەگەر گەوەر درۆی لەگەڵ نەکا و ڕەدووی کەوێ تا گیانی لەبەردابێ وەک نۆکەرێک لەبەر دەســتــیــدا هەڵســوڕێ. گەوەر بەڵێنەکەی دووپات کردەوە و سوێندی بۆ خوارد. پیرۆت وازی لێ هێنا و لە پای دانیــشت. گــەوەر پشــوویەکی هاتەوە بەر. دوایەش وردەوردە جلە لەتوپەتکراوەکــەی دادەکــەند و ئەندامی ســاف و لووسی خۆی بە پیرۆت نیشــان دەدا. پیرۆت شــەهەوەتپــەرست و هەوەســڕان بە دیتنی ڕانی سپی و سۆڵی گەوەر وەها ئاگای لە خۆ بڕابوو کە بێ ئیختیار لە باوەشی گرت و نە یەک و نە دوو، دەستی بە ماچکردنی کرد. گەوەریش هیچ بەرگری لێ نەدەکرد و بە مەکر و فێڵ خۆی خستبووە بەر دەستی، بەڵام لە کاتێکدا کە قاتڵی هەڵخەڵەتاو دەیویست بە ئامانجی شەیتانی خۆی بگا و داوێنی پاکی گەوەر لەکەدار کا، گەوەر هەلی بە دەرفەت زانی و لە چاوترووکانێکدا خەنجەرەکەی پیرۆتی لەبەر پشــتێنی دەرهێنا و بە هەمــوو هێــزی خۆی لە خاڵیگەی کوتا. پیرۆت یەک بەخۆی نەڕاندی و بە پشتەوە لە عەرز درا. گــەوەر وازی لێ نەهێنا و چەند خــەنجــەری دیکەی تێکوتا. ئەم جار ئاســوودە پاڵی لێ داوە و لەبەر دوایین تیــشکی ئاگــرەکــەدا بە نیگایەکی پڕ لە ڕق و بێــزاری ســەرنجی خســتە ســەر دیمەنی بێزراوی پیرۆت کــە دوایین هەناسەکانی دەکێشا. ئەوەندە ماندوو بووبوو کە کەوت لە نێو خوێن و خوڕی نێو ئەشکەوتەکەدا ڕاکشا. دوای مــاوەیەک ســووکــەهێــزێکی هاتەوە بەر. دانیــشت و بە پشتێنی پیرۆت برینەکانی بەست و جلەکانی خۆی کردەوە بەری. تەرمی منداڵەکــانی لە پەنایەک دانا و گــریان سەری لێ دا. دوای گریانێکی زۆر، بۆ دامرکاندنی ڕقی دڵی خۆی دەستی کرد بە لەتوپەتکردنی کەلاکی پیرۆت. لە پێــشــدا ســەری لێ کــردەوە و ئەم جــار دەســتــە خوێناوییەکانی لە ئانیشکەوە بڕی.

خودا و ڕاستان هەر ئەو شەوە مامەند براگەورەی گەوەر کــە بە درۆی پیــرۆت لە شــەڕێکدا بریندار کــرابوو، بێ ئەوەی ئاگای لە بەسەرهاتی گــەوەر بێ، لەگەڵ هێندێک ڕدێن سپی و پیاوماقووڵی گوندەکەی خۆیان بۆ خوازبێنی کچە جووتیــارێکی خەڵکی ئەو گوندە دەچنە ئەو ماڵە. کــابرای جــووتیــار کــە زووتریش ئاگــای لە عــیــشــقی ئەو جووتە بوو، بە پێی داب و ڕەسمی ئەو زەمانە، بۆ ئەوەی تێ بگا کە تا چ ڕادەیەک هۆگری یەکترن و ئایا مامەند لە هەموو بارێکەوە لە خوازبێنیکەرەکانی دیکە باشترە، یان نا، شەرتێکی زۆر سەیری بۆ دانا، شــەرتەکەش ئەوە بوو کــە ئەگــەر مــامــەند بەو شــەوە بتــوانێ بچــێــتــە ئەو ئەشکەوتە و نیــشــانەیەک لە خــۆی بە جێ بێــڵــێ، ئەوە کــچی خــۆی لێ مارە دەکــا. ئەوی لەوێ بوون زۆریان پێ سەیر بوو بە شک و گومانەوە چاویان لە مامەند دەکرد. تا ئەو کــاتە کــەس نەیوێرابوو کــارێکی وا بکا، بەڵام مامەند دەستبەجێ مەرجەکەی قبووڵ کرد و گۆرەوی و پووزەوانی لێ هەڵکێشا و کاڵەی بەست و خەنجەرەکەی لەبەر پشتێنی دا. گۆپاڵێکی بەدەستەوە گرت و بە تاقی تەنیــا و بەو تاریکەشــەوە بەرەو ئەشکەوت وەڕێ کــەوت. مــامــەند بە دڵێکی پڕ لە هیــواوە شــەقاوی هەڵدەهێناوە و بەرەو ئــەشــکــەوت دەڕۆیــشت. بەفــــر هــەروا دەباری و کــزەبایەکی زۆر ســاردیش بەرەو ڕووی دەهات. مــامــەند بەبێ ئەوەی گــوێ بداتە ســاردیی هەوا و تاریکیی شەو و مــەترســیــی ڕێگە، دەڕۆیشت و لە ئەشکەوت نزیکتــر دەبووەوە. لە نیوەشەو لای دابوو. شەوەزەنگی بەسام نێو ئەشکەوتی داگــرتبــوو. ئاورێک کــە پیــرۆتی تاوانبــار دایگیرساندبوو وەک بلێسەی ژیانی سەرشۆڕانەی خۆی دامردبوو و تەنیا هێندێک خۆڵەمێشی لێ بەجێ مابوو. گــەوەری لێقــەومــاو نەرم نەرم فــرمــێــسکی بەســەر تەرمی منداڵەکــانیــدا دەڕشت. برینەکــانی ســاردەوە بووبوون و ئازاریان دەدا. هەمــوو ئەندامــانی لەشی کــوترابوون و ژانیان دەکرد. لەبەر سەرماش هەڵدەلەرزی و شتێکی پێ نەبوو خـــۆی گـــەرم بکاتەوە. چاوەڕوانی ئەوە بوو ڕۆژ ببێتەوە تا بتوانێ لە تاریکایی ئەم ئەشکەوتە نەگریسە، خۆی دەرباز بکا. لەم کاتەدا مامەند بێ ترس و لەرز و بە تێــرادیوی گــەیشــتــە بەر زارکی ئەشکەوت. بەفر لە ژێر پێیدا کرپەی دەهات و گەوەر گوێی لێ بوو. ترسێکی بێ سنوور گــەوەری داگرت. وایزانی گــورگ، یان دڕندەیەکی ترە و بۆنی خوێنی کردووە، بۆیە لێی نزیک دەبێتەوە. بۆ ئەوەی ئەو دەعبایە بگێڕێتەوە. دەستێکی براوی پیرۆتی بۆ فــڕێ دایە دەرەوە. ئەو دەســتــە، ڕاست لەبەر پێی مــامــەندا وەعــەرز کــەوت. مــامــەند داچڵــەکــا. لەو تاریکییەدا دانەوی و هەڵی گرت. لێی وردەوە بوو. زانی کــە دەســتی بڕاو و ســاردەوە بووی ئینســانێکە، ترسا و

مــووچرکــەی پێــداهات. لە منداڵییــەوە چیــرۆکی دێو و جندۆکە و مێردەزمە و زۆر شتی تری لە دایکی و لە ئەم و ئەو بیــستــبــوو. زۆر جاریش لە پیــرەپیاوانی گـوندی بیستبوو کـە ئەم ئەشکەوتە جێگەی کۆبوونەوەی دێو و جندۆکە و دەعبای خراپە. ناحەقی نەبوو دڵی بتۆقێ و وا بزانێ کە ئەو دەعبایانە بە ئانقەست ئەو دەستەیان فڕێ داوەتەوە دەرێ تا ئەوی پێ بترســێنن. لە جـێی خـۆی ڕاوەستا و چیرۆکی جندۆکە و شەیتان و غوولی بیابانی، چی بیــســتــبــوو هێنایەوە بیــر. ویســتــی هەر لەوێڕا بگەڕێتــەوە، بەڵام ئەوینی دڵدار لە لایەکــەوە و ترس لەوەی کە دۆستانی گاڵتەی پێ بکەن و دوژمن قاوی لێ بڵاو بکەنەوە لە لای ترەوە، لەو بڕیارە پەشــیــمــانیــان کـردەوە. پێی بە جـەرگی خـۆیدا نا و دۆعــایەک کـە بۆ دوورخستنەوەی شەیتان، لە مامۆستای گوند فێر بووبوو خـوێند و بەکـاوەخـۆ بەرەو ئەشکەوت تێ هەڵبـوو، بەڵام چەند هەنگاو زیاتر نەڕۆیشــتــبــوو کـە دەسـتی دیکەی پیــرۆت لەبەر دەمــیــدا لە بەفــرەکــە چەقی. ئەویشی هەڵگرت و ترســێکی زیاتر بەســەریدا زاڵ بوو. هەر کەسێکی تر لە جێگەی مامەند با، خۆی پێ ڕانەدەگیرا و لە هۆش دەچوو، یان هەر نەبێ هەڵدەهات و خــۆی لەو جێگە سامناکە دوور دەخستــەوە، بەڵام مامەندی دلێر و بێباک لە بڕیاری خۆی پاشگەز نەبووەوە و خۆی گەیاندە زارکی ئەشکەوت. لەولاشەوە گەوەر کە دەیدی دەعباکە هەر نزیک و نزیکتــر دەبێتــەوە، بە پێدزە و پەلەکـوتێ بەرەو ژوورتر چوو و لە پشت گاشەبەردێکی گەورەدا خۆی شــاردەوە. مــامــەندیش بۆ دیفــاع لە خــۆی هەروا کــە خەنجەرەکەی بەدەستەوە گرتبوو، چووە نێو ئەشکەوتەکە و یەک بەخۆی گوڕاندی و گوتی:

– کێ لەنێــو ئەم ئەشکەوتەدایە؟ ئەم دەســتــە بڕاوانە چین و کێ بوو بۆ منی دەهاویشت؟ هەرکــەســە، هەرچی هەیە، بزانێ کە من پیاوێکی ترسنۆک نیم و ئەگەر بزانم زیاتر لەوە سەرم لەسەر دەنێ، دەیدۆزمەوە و بەم خەنجەرە لەتوپەتی دەکەم.

گەوەر دەنگی مامەندی ناسیبەوە. هاواری کرد:

– کاکە گیـان، مامەند! ئەوە تۆی بەم نیوەشەوە ساردە بۆ یارمەتی خوشکە داماو و بێ دەسەڵاتەکەت هاتووی؟

مــامــەندیش دەنگی ئەوی ناسیــیــەوە و لەبەر خـۆیەوە گوتی: "خـودای گەوەر لێرە چ دەکـا؟ ناکا شەیـتان بێ و دەنگی ئەو دەربێنێ؟" بە سەرسوڕمانەوە بانگی کرد:

– گەوەر تۆ لێرە چ دەکەی؟ چ قەوماوە؟

گەوەر لە پشت گـاشەبەرد هاتە دەر و لە حاڵێکدا هیچ کـامیـان باوەڕیان نەدەکرد چ دەبینن و کـارەسـات چییــە، ڕاست لە پەنای کــەلاکی لەتلەتکراوی پیــرۆتدا خــۆی گـەیاندە مـامـەند. لە ئامـێـزی گـرت و بەدەم قــوڵپــەی گـریانەوە بەسـەرهاتی خـۆی ئەوەڵ تا ئاخـر بۆ مــامــەند گێـڕاوە. مـامـەند لەم کـارەساتە سـەرسام مـابوو. گریان سەری لێ دا و تێر و پڕ گریا. چارەیەک نەبوو. دڵخۆشیی گـەوەری داوە بۆ داوێنپـاکی و ئازایەتی ئافـەرینی کـرد. تەرمی منداڵەکــانی بۆ هەڵگرت و بەرە ئـاوایی وەڕێ کەوتن.

تازە بەیان ئەنگووتبوو. بـانگی مـزگـەوت خـەڵکی بۆ نوێژی بەیان بانگ دەکــرد و خــەڵک تاقــولۆق بەرەو مـزگـەوت دەهاتـن کە خـوشک و برای ئازا و بەجەرگ کـە جێگەی خۆیەتی پێیان بڵێین "دوو قارەمانی ئەشکەوت" گەیشتنە نێو دێ. سەگەلی دێ پێیان دەوەڕین. خەڵک بە هاواریانەوە هاتن و بە داردەست و گۆپاڵ سـەگیـان لە وان دوور دەخسـتــەوە. بەم چەشنە خـەڵکی دێ لە کـارەسـات ئاگادار بوون و زۆریان پێ نەچوو ماڵی مـامەند پڕ بوو لە خەڵک. پرسـەی منداڵەکانیـان دانا و سەرەخۆشیـیـان لە گــەوەر دەکــرد. کــەس نەبوو لە بەرانبــەر ئازایەتی و نامووسپەرستیی گەوەردا سەر دانەنوێنێ و ئافـەرینی لێ نەکا. تەرمی منداڵ بێ تاوانەکانیان بە ڕێز و شکۆیەکی زۆرەوە بردە گۆڕستانی دێ و بە خاکیان سپاردن.

مێردی گەوەر کە بەم کارەساتەی زانی بێ ئەوەی کە ئەم ســەدەمــە گــەورەیە و لەدەســتــچــوونی دوو منداڵی خــۆشــەویســتــی، زەرەیەک دڵی لە ئاست گــەوەری خۆشەویستی بگۆڕێ و سـەرکۆنەیەکی بکا، هاتە مـاڵی مامەند.

کابرای جووتیاریش کە ئەو مەرجەی بۆ مامەند دانابوو، لە پێناوی ئەو هەموو ئازاییەی مامەندا، نەک هەر کچی خـۆی لێ مـارە کـرد، بەڵکو خـەرجیی زەمـاوەندەکـەشی وەئەسـتـۆ گرت و بەشانازییەوە کچی خـۆی ناردە مـاڵی مێرد.

گەوەر و مێردەکەی تا کۆتایی زەماوەندی مامەند لەوێ مــانەوە. دوایی گـەڕانەوە مـاڵی خـۆیان و ژیانی تازەیان دەست پێ کرد.

ئێستا دەیان ساڵ لەو کارەساتە تێپەڕیوە. ئەم چیرۆکە لە هەموو گوندەکانی ناوچەدا دەگێڕرێتەوە. نێوی ئەو ئەشکەوتەیان ناوە "ئەشکەوتی گەوەر". ئەمن بۆ خۆم لە منداڵیدا ئەم داستانە ڕاستییە قارەمانانەیەم لە دایەنی خۆم بیستووە و لەبەرم کردووە. سەردەمی لاوێتیش، جارێک چوومەتە نێو ئەشکەوتەکە و سووچ و قوژبنە ساماناکەکان و ئەو گاشەبەردە گەورانەم لە نزیکەوە دیوە کە لە شەوێکی سارد و تاریکدا ئاگایان لە جینایەت و خوێنخوری ناپیاوێکی شاوەتپەرست و بەرگری قارەمانانەی شێرەژنێکی داوێنپاک و بێباک و ناموسپەرست و ئازایەتی و لەخۆبوردوویی لاوێکی ئەویندار بووە. ئەشکەوتی گەوەر شەش فرسەخ لە مەهابادەوە دوورە و لە ئاوایی "سەردەرئاباد"ەوە نزیکە.
**سەرماوەزی ١٣٣٧**

ڕەنگە کوردیخوێنێک نەبێ ماموستا هێمن نەناسێ، هێمن ناساندنی ناوێ. هەرچەند ناساندن و ناسینی هەموو لایەنی هێمن و شیعر و هونەری هێمن کارێکی ئاسان نییە و زەحمەتی زۆری دەوێ. لێرەدا باس لەسەر نووسراوەیەکی کۆنی هێمنە کە زووتر بە زمانی فارسی نووسیوبەتی و بۆ ئەوەی هەموو کورد بتوانن کەڵکی لێ وەربگرن بە ڕاسپاردەی کاک سەلاحی بەڕێز و خۆشەویست تاقە کوڕی ماموستا هێمن کردوومە بە کوردی و کاک عەزیز ئالی چاوی پێدا خشاندووە.

لە پێناوی شەرەف بەسەرهاتی ژنە کوردێکی بەجەرگ و ئازایە کە نموونەی وا لەنێو کۆمەڵی ئێمەدا زۆرن. ئەوەی زیاتر جێگەی سەرنجە ئەوەیە ماموستا هێمن وەک نیشتمانپەروەرێکی دڵسۆز کە هەموو ژیانی پڕ لە شەرەف و شانازی خۆی بۆ خزمەت بە گەل و نیشتمان تەرخان کردبوو، نەک هەر بۆ کورد بەگشتی تێدەکۆشا و خۆی بە "خاکی بەرپێی تێکۆشەرێکی کورد" دەزانی، لەنێو کۆمەڵی کوردەواریشدا زیاتر بیری لە چینە چەوساوەکانی کورد دەکردەوە و خەمی ئەوانی زیاتر لەبەر بوو. لە "ئارەق و تێن"دا وا لە دەرد و ڕەنج و مەینەتی جووتیارێکی کورد دەکۆڵێتەوە کە بە خوێندنەوەی ئەو شیعرە هەرکەس وا دەزانێ هێمنی شاعیر هەموو ئەو ڕەنجانەی تاقی کردووەتەوە و هەموو ئەو ئازارانەی چەشتووە.

یەک لەو چینە مافخوراوانەی نێو کۆمەڵی کوردەواریش "ژن"ـە کە وەک هەموو نەتەوە زیندووەکانی دنیا لەنێو کوردیشدا ئەرکی کۆمەڵایەتی و نیشتمانیی خۆیان بەڕێوە بردووە، تەنانەت لە بەشی زۆری بنەماڵەکاندا کۆڵەکەی ئەسڵی ژیان بوون و هەن، بەڵام لە لایەکەوە لەبەر شەرم و حەیا و لەخۆبوردوویی خۆیان و لە لای ترەوە لەبەر خەتای کۆمەڵ مافی ئینسانی ئەوان پێشێل بووە. داب و دەستووری نادروستی نێو کۆمەڵ دەرەتانی لێ بڕیوە و نەیهێشتووە بەپێی توانایی و ئیستیعدادی زاتی خۆی گەشە بکا. چاوی وردبینی هێمن کە ڕەخنەگرانە ئەم وەزعەی داوەتە بەر سەرنج لە هەر جێگەیەک ئازایەتی و غیرەت و هونەری دایکان، کچان و خوشکانی وڵاتی دیبێ بە قەڵەمە جوان و ڕەنگینەکەی خۆی بە هونەری زاتی و زەوقی هونەرمەندانەی خۆی بە شێوەیەک بە نەزم، یان بە ئەسر تەسویرێکی لێ ساز کردووە کە لە مێژووی ئەدەبی کوردەواریدا بمێنێتەوە و تەئسیری باشی خۆی لەسەر کۆمەڵ دابنێ.

لە "شێرەژن"دا باسی زێڕوەشان خانم دایکی قارەمانی سێ ڕۆڵەی بنەماڵەی فەیزوڵڵابەگی دەکا کە دوای ڕووخانی کۆماری مەهاباد لە سەقز ئیعدام کران و ئەم دایکە قارەمانە شانازییان پێوە دەکا. باسی "ئەختەر" پێشمەرگەی کۆڵنەدەر دەکا کە شان بەشانی هەموو ئازادیخوازانی وڵات "گوڵی هیوا" دەپشکوێنێ.

باسی "لەیلا" دەکا کە دەڵێ:

**بڕۆ مەجنوون بە لەیلای خۆت مەنازە**
**کە ناوبانگی پتر دەرکرد ئەوی من**

لە باسی "ژوانی ئاغا"دا هەر وەتر. لێرەشدا ئەو داستانە کۆنەی تەنیا بۆیە نووسیوەتەوە کە بەش بە حاڵی خۆی توانیبێتی بە شێوەیەک ئەرکی خۆی سەبارەت بە ژنانی وڵات بەجێ گەیاندبێ.

لایەکی تری مەسەلەکە ئەوەیە کە هێمن بە فەرمایشی خۆی "هەر کورد نەبوو بەشەر بوو". بیری ناسیۆنالیستی و کوردایەتیی هێمن هەرگیز وای لێ نەکردووە خۆی بە دوژمنی میللەتانی تر بزانێ. کوردایەتیی هێمن تا ئەو ڕادەیە بوو کە نیشان بدات کە کورد لە نەتەوەکانی تر کەمتر نییە و نابێ ژێردەستی هیچ نەتەوەیەکی تر بێ، ئەگەر بە کوردی دەینووسی و شیعری دەگوت بۆ ئەوە بوو دەیزانی کتێبخانەی دەوڵەمەندی زمانی فارسی بە

سەعدی و حافز و فیردەوسی و نیزامی و مەولانا و سەدان و هەزاران شاعیر و نووسەر و ئەدیب و هونەرمەندی ترەوە بە فارسی نووسینی ئەو زۆر سەرناکەوێ، بەڵام ئەگەر بە کوردی بنووسێ تەئسیری گەورەتر دادەنێ هەر وەک داشی نا. کە وابێ جاروباریش بە زمانی فارسی شتی نووسیوە کە یەکیان ئەم بەسەرهاتەیە. (**)

فیکر و بیر و باوەڕی هێمن هەرگیز پاڵی پێوە نەناوە دەرد و ئازاری میللەتانی تری لەبیر بچێ. وەک لە یەکێک لە ئاخرین شیعرەکانی دوایین قۆناغی ژیانیدا بە نێوی "تەوری جەور" دەڵێ:

**دوژمنی کورد نییە ئەفلەقی دڵڕەق بەتەنێ**
**ڕیشەیی خەڵکی عێراقی دەیەوێ هەڵبکەنێ**
**لە عێراق ناژێ شتێکی بەری چاوی بگرێ**
**هەر بە تەورێ دەبڕێ زاڵمە نەخل و دەوەنێ**
**عەرەب و کورد و تورک ئەرمەنی و ئاشوری**
**دەکوژێ، یان دەبڕێ وەک بوتێ سوجدەی نەبەنێ**

دیارە لە باوەڕ و نووسینی هێمندا دەرد و ئازاری هەموو میللەتان ڕەنگی داوەتەوە. ئەم شیعرەی هێمن بەتایبەتی لەم ڕۆژانەدا کە دیکتاتۆری بەغدا لە دوای دەیان ساڵ ئازار و ئەشکەنجە و کوشتاری بە کۆمەڵ و ئەنفال و قەلاچۆکردنی بەشێکی زۆر لە خەڵکی ئەم وڵاتە ڕووخا، نیشان دەدات کە تێبینییەکانی هێمن دوور لە واقیع نەبوون. هەرچەند لێرەدا جێگەی ئەو باسە نییە، بەڵام بە چەند بەیت لە شیعری "تەوری جەور" یادی هێمن تازە دەکەینەوە و قسەکانی پاش ٣٥ ساڵ وەڕاست گەڕاون. یادی هەر پیرۆز بێ.

**زێڕی چی ئاسنی ژەنگاوی و تیژە سەدام**
**کۆنە ناسۆری ئەون ئێستە کە دێن تەشەنی**
**سەردەمێک مەستی مەیلی بەرزە دەماخی بوو بەڵام**
**کاتی وەی هات کە خومار بێتەوە لووت دابژەنێ**
**ئەمەیە ئاقیبەتی شوومی لەخۆبایی بوون**
**چارەنووسی ئەمەیە دوژمنی خەڵک و وەتەنێ.**

*** ئەم چیرۆکەی هێمن موکریانی کە لە بنەڕەتدا بە زمانی فارسی نووسراوە، لەلایەن (فارووق کەیخوسرەوی)یەوە لە فارسییەوە کراوەتە کوردی و پاشەکیشی بۆی نووسیوە، ماوەیەک لەمەوپێش لەلایەن بەڕێز بەدران ئەحمەد حەبیب ئامادە کرابوو بۆ ئەوەی بەشێوەی نامیلکەیەک چاپ بکرێ، بەداخەوە بەهۆی داخستنی دەزگاکەیانەوە فریای چاپ کردن نەکەوت، بۆیە لەو ماوەیەی ڕابوردوودا ڕووبەڕووی منی کردەوە بۆ بڵاوکردنەوەی لە گۆڤاری ڕامان.**

**** ماوەیەک لەمەوبەر نووسەرێکی کورد نووسیبووی هێمن لە ژیانیدا بێجگە لە زمانی کوردی، وشەیەکی بە زمانی فارسی نەنووسیوە، نووسینی ئەم چیرۆکە بە زمانی فارسی بۆخۆی وەڵامێکە بۆ ئەو نووسەرە.**

**(ڕامان)**

